**کورد چی بکات ؟**

**شوان داودی**




لەناو جەرگەی کوردستانەوە

ژمارەیەك کەسایەتی وەك رەمز و سەرکردەی نوێ لەناو عەرەبی سوننەی شاری کەرکوك لە خۆپیشاندانەکانی هەفتەی رابردووی عەرەبەکان دەرکەوتن، ئەمەش لەسەر حیسابی ئەو عەرەبانەن کە ساڵانێکە خۆیان بەنوێنەری راسەقینەی عەرەبی سوننە لە شارەکەدا ناساندوەو مامەڵەیەکی سیاسی ناتەندروست پەیرەودەکەن .

بەڕای چاودێرانی سیاسی، ئەنجومەنی سیاسی عەرەبی، کە ماوەیەکی زۆرە لەناوخۆی عێراق و وڵاتانی دەوروبەردا خۆی کردۆتە دەمڕاستی عەرەب، بە تەواوەتی داڕووخاوە، بەتایبەت دوای ئەوەی تەخوینی ئەو عەرەبانەیان کرد کە بەشداری خۆپیشاندانەکانی دژ بە مالیکی دەکەن .

ئەنجومەنی ناوبراو پەرلەمانتارە عەرەبەکانی حەویجە لە پەرلەمانی عێراق روبەڕووی رەخنەیەکی فراوان بوونەوە لەلایەن هێزە سیاسیە عەرەبیەکان و چین و توێژە جیاجیاکانی شەقامی عەرەبیەوە لەبەر هەڵوێستی لایەنگرانەیان لە حکومەتەکەی مالیکی .

بەدرێژایی ساڵی رابردوو ئەو پەرلەمانتارانەی حەویجەو ئەنجومەنی سیاسیش پەیرەوی سیاسەتێکیان کرد لە بەرژەوەندی دەوڵەتی قانون لە کاتێکدا ئەو پەرلەمانتارانە لەسەر لیستی عێراقیە کاندید کران و بە دەنگەکانی لیستی عێراقیە چوونە پەرلەمان، پەیرەوکردنی سیاسەتەکەش لە بەیاننامەو پێکهێنانی لیژنە میللیەکان و خۆپیشاندانەکانی پێشتر بەروونی رەنگی دەدایەوە، پەیرەوانی سیاسەتەکەی مالیکی لەکەرکوك لەناو عەرەبە سوننەکان پەیامی دژایەتیکردنی کوردیان هەڵگرت و ئەمەش دوای پێکهێنانی ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە زەقتربوەوە کە قەزای حەویجە کرایە مەکۆیەکی سەربازی لە عێراقدا. هەفتەی رابردوو لەکاتی ئەنجامدانی نوێژی یەکگرتوو کە بە "صلاە الوحدە" ناو دەبراو بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئەنبار لە کەرکوك بەرپاکرا، لە گۆرەپانی ئاهەنگەکان کارگوزارێکی ئەنجومەنی سیاسی دەستگیرکرا کە لە ناو نوێژەکەیاندا مەنشوراتی دژ بەکوردی بڵاودەکردەوە ، وەك هەوڵێکی نەزۆکی ئەنجومەنی سیاسی بۆ گۆڕینی ئاراستەی نارەزایەتیەکانی لە دژی حکومەتەکەی مالیکیەوە بۆ دژی کورد .

لەو عەرەبە میانڕەوانەی کە دەرکەوتن لەو خۆپیشاندانانە شێخ سعد سامی العاصی و براکانی و سیاسەتمەدار ئیسماعیل حەدیدی کە لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە رێزی زۆریان لێنرا.

بەڕای چاودێرە سیاسیەکان ئەو سەرکردە عەرەبانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٧ لە باڵیۆزخانەی ئێران لە ئەنکەرە کۆبوونەوەو لۆبیەکی سیاسی عەرەبییان لە کەرکوک بۆ ئێرانیەکان پێکهێنا.. لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عەرەبەکانی کەرکوك گورزی کاریگەریان بەرکەوت .

ئێستا لەم دۆخەی عەرەبی سوننە لە عێراقدا پێی تێدەپەڕێ، عەرەبە سوننەکانی کەرکوك بوونەتە دوو بەشەوە.. بەشێکیان لایەنگری حکومەتەکی مالکین کە لە شەقامی عەرەبیدا بە سوننەی مالیکی ناودەبرێن "ئەمەش زاراوەیکی تازەی شەقامی عەرەبی کەرکوکە"ئەم بەشە چوار پەرلەمانتارەکەی حەویجەو ئەبو سەدام سەرۆکی ئەنجومەنی حەویجەو ئەنجومەنی سیاسی لەخۆ دەگرێ .

بەشەکەی تر کە دژ بەو رەوتەن تێکەڵەیەکن لەو هێزو گرووپە عەرەبیانەی مالیکی و پشتیوانی لەخۆ پیشاندانەکانی رومادی و موسڵ و سامەڕا دەکەن، ئەمانەش رەوتی پرۆژەی عەرەبی و رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و عەشیرەت و پیاوانی ئایینی و عەرەبەکان لەخۆ دەگرێ .

ئێستا هەردوو لایان بەیاننامەکانیان ئاراستەی یەکترەو یەکتری بە کۆنە بەعسی و پیاوکوژ تۆمەتبار دەکەن . لەلایەکی ترەوە لە پەرلەمان عەرەبە شیعەکانی نێو هاوپەیمانی نیشتمانی .. رۆژانە جنێو بارانکردنی یەکتری و شەڕە بۆکسێن و قژراکێشانی یەکتری بۆتە پیشەی رۆژانەیان ..

ئێمەی کورد لەم نێوەندەداو لەم هاوکێشە تازانەدا لەکوێین!؟ لەم هەلومەرجە ئاڵۆزو ناسکەدا .. غیابی مام جەلال بۆ کورد زۆر قورسە.. یاریەکە زۆر گەرمە ..رژێمەکەی ئەسەد لە سوریا لە گیانەڵادایە.. تورکیاو ئێران راستەوخۆ تەراتێن دەکەن . "لێرەوە.. لەناوجەرگەی کوردستانەوە" پێموایە باشترین شت بۆ کورد لەم ئانوساتەدا ئەوەیە لەو ململانێیانەدا بێلایەن بین و لەنا خۆماندا یەکگرتوبین، بەرچاومان روون بێت تا بزانین چۆن هەنگاو دەنێین، چونکە گۆڕانکاریەکان خێران، یاریکەرەکان بەهێزن، ململانێکان توندن، بەرژەوەندیەکان گەورەن .. دان بەخۆدا گرتن لەم هاوکێشەیەدا دەسکەوتی بەدواوە دەبێ .

shwandaudi@yahoo.com